# عەبابەیلێ
# ئەو شوێنەی لە یەککاتدا شین و شایی کۆدەکاتەوە

## " خەڵکی بۆ سەیران روودەکەنە گۆڕستانەکان "

**راپۆرتی سالم حەمەخان و سەلمان نادر**



**ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی پار بۆ عەزیزی وەیسی لەم گۆڕستانە کرا**

عەبابەیلێ لەلایەک لەبەرجێگە بناریەکەی و دڵڕفێنی ئاووهەواکەی بۆتە سەیرانگا و بەهاران دەبێتە یەکێک لە قەرەباڵغترین شوێنە گەشتیارەکان، لە لایەکی ترەوە بوونی "مەزارگە و گۆڕەپیرۆزەکان" بە وتەی هاولاتیان وایکردوە ببێتە زیارەتگا و جێگەی نزاو پاڕانەوە بەدیهاتنی مرازەکان، بۆیە لەیەککاتدا هەم زیارەتکار و دەست بەدوعا دەبینین و هەم هەڵپەرکێی گەرم و سەدای بڵندی ئەو گۆرانیبێژانەی کە گەنج و هاوڵاتیانی سەیرانکەر دەخاتە کەیفو سەفا.

یەکەم وێستگە کە لە عەبابەیلێ پێی دەگەیت کانیەکە کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیە و بۆ ئەو گەشتیارانەی کە دێنە ئەوێ ئەمەیان هۆکاری کۆبونەوەی گەشتیارەکانە.

بەڵام چیرۆکی بوونە مەزارگەی عەبابەیلێ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و بوونی گۆڕی ئەباعوبەیدەی جەڕاح لە پشت کانیەکەوەیە و دواییش بووەتە مەزار.

ئەو مەزارەی بە ووتەی خادیمەکەی گۆڕستانی یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر بووە، لە کاتی شەڕەکانی هاتنی موسڵمانەکان بۆ کوردستان شەهید بووە و هەر لەوێ نێژراوە ، ئیتر لەوکاتەوە تا ئێستا بووەتە گۆڕستان و زۆربەی زۆری مردوەکانی عەبابەیلێ و گوندەکانی دەوروبەری لەوێدا دەنێژرێن.

لەبارەی ئەو دوفاقەیەی ئەم جێگەیە دروستی کردووە کەلایەک سەیران دەکرێت و لایەکی تریشەوە گریان و نزا حاجی مەحمودی عەبابەیلێی دەیووت "جاران ژنان تەنها بۆ نزای منالبوون و بەدیهاتنی مرازەکانیان دەهاتنە ئێرە ، بەڵام ئێستە خەڵکی بۆ سەیران و گەشتوگوزاریش رودەکەنە ئێرە".

حاجی محەمەد حەمەکەریمی تەمەن 60ساڵ لەگەڵ خێزانەکەیی و دوو کوڕ و بووکەکانیدا هاتبوە ئەوێ ، پێی وابوو غەدرێکی گەورە لەو مەرقەد و شێخانە ئەکرێ کە ئەمڕۆ جێنزرگەکەیان بۆتە جێی هەڵپەڕکێی گەشتیاران . حاجی وتی "ئەگەر بەدەستم بێت رێگری دەکەم لەهاتنی گەشتیاران بۆ ناو ئەم گۆڕستانی شێخ و مەشایخانە ، تەلەبەندیشی دەکەم"

(عەبدولڕەحمان)ی تەمەن (35) ساڵ کەلەگەڵ خێزانەکەیدا لەبن یەکێک لە داربەڕووەکاندا دانیشتبوو ووتی "ئەمە گۆڕستانە و نەدەبوو ببوایەتە سەیرانگا " ووتیشی ئێمە ناچارین "تازە ئێرە بووەتە سەیرانگا و ئێمەش وەکو ئەو دەیان خێزانەی هاتووینەتە ئێرە رومان کردۆتە ئەم شوێنەکە"

سەرەڕای بەسەیرانگا بوونی ئەم گۆڕستانە هاوکات عەبابەیلێ بووەتە جێگای سازکردنی ئاهەنگی هاوسەرگیری.
(خۆشی ئەمین) ووتی "چەندجارێك بانگهێشتی ئێرە کراوم بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی گۆڕستانیشی لەدەست داوە لە هەمانکاتدا بووەتە شوێنی کۆنسێرتە مۆسیقیەکان لەوانەش ئاهەنگی نەورۆزی پارساڵی عەزیزی وەیسی لێرەکرا"
بەڵام هەندێکی تر لەهاوڵاتیان پێیان وایە ناکرێ لەبەر گۆڕەکان ئەم جێگە دڵڕفێن و خۆشە لە کیس بدەن.
خێزانێك کە لە ژێر پیرە دار بەرووە گەورەکانی ئەوێ دانیشتبوو ، لەگەڵ هەڵپەرین و گۆرانیەکاندا هاوئاهەنگبوبوون، (سەردەشت)ی تەمەن 22 ساڵ کە لەگەڵ خێزانەکەیدا هاتبوو، بەدەم هەڵپەڕینەوە پێی ووتین "لێرە خۆشترمان دەسناکەوێ لەبەرئەوەی ژمارەیەك گۆڕی شێخ و ئەصحابەی تێدایە ناکرێ سەیران لە خۆمان حەرامکەین"
سەبارەت بە تێڕوانینە ئاینیەکان لەبارەی گۆڕستانەکانەوە م.مەلا غەفور لە پەیمانگای پێگەیاندنی وتاربێژان ووتی "سەیران و دەربڕینی خۆشی و شادی لە شەرعدا هیچ جۆرە رێگریەکی لێنەکراوە بەپێی ئادابە ئیسلامیەکان، بەڵام سەیران و گۆڕستان دوورن لە یەکتر، چونکە لە دیندا دروست نیە پێ بخرێتە سەرگۆڕ ئیتر هەرگۆڕی کەسێك بێت، ئەمەش خیلافی شەریعەتە و سوکایەتیە بەو شەهید و ئەصحابە و مردووانە"
ئەو زیاتر لەسەری رۆشت و ووتی "ئەگەر لەنزیك گۆڕستانەوە شوێنێك هەبێت گۆڕی تێدا نەبێت ئەوە ئاساییە سەیرانی تێدا بکرێ بەمەرجێك لە سنوری ئەخلاقی تێپەڕنەبێت"

# سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی تازە لەسەرچی دەستی لەکار کێشایەوە ؟

**دیداری مەریوان تۆفیق**

(کەریم حەسەن عەلی) سەرۆکی شارەوانیشارەزوور لە (2006/3/12) دەستی لەکار کێشایەوە و هۆکارەکەشی گێڕایەوە بۆ سێ خاڵی سەرەکی کە ،ئەنجام نەدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری بە بەراورد لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی تردا و کەمی ئەندازیاری مەدەنی و کرێکار و باری تەندروستی خۆی.
(کەریم حەسەن) ئەوەی ڕەتکردەوە کە بەهۆی فشاری کەسی و حیزبییەوە دەستی لەکار کێشابێتەوە و ئەوەی بە قسەیەکی دور لە ڕاستی وەسفکرد و هێمای بەوەکرد کە بە ئارەزووی خۆی و پاش سێجار داواکاری بۆ دەست لەکار کێشانەوە داوەکەیان قبوڵکردووە. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە گواستنەوەی فەرمانبەر و کرێکارەکانی هەڵەبجەی تازە بۆ زەڕایەن بۆشایی بۆ شارەوانی هەڵەبجەی تازە دروستکردووە، کە چەند مانگێك پێش ئێستا سنوری زەڕایەن جیابۆتەوە و پێشتر سەر بە شارەوانی هەڵەبجەی تازە بووە، سەبارەت بەو زەویانەی کە لە نێوان شارۆچکەی زەڕایەن و هەڵەبجەی تازەدایە و کێشەی بۆ هاوڵاتیانی هەردوو شارۆچکەکە دروستکردبوو، ڕوونی کردەوە کە بەپێی دابەشکردنی سنور ئەو زەویانە خراونەتە سەر سنوری شارەوانی زەڕایەن، سەبارەت بەدروستکردنی چەندین خانووی تەجاوز و دوکان بەشێوەی نایاسایی (سەرۆکی شارەوانی) وتی"کە لە سەردەمی مندا تەنها پارچە زەوییەکیش دابەش نەکراوە و ئەوەشی کە بەشێوەی تەجاوز دروستکرابێت بە شێوازی یاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە" دەربارەی ئەوەی کەپشت گوێ خستنی زەڕایەن بووە بەهۆی دروستبوونی شارەوانیەکی تایبەت بەو شارۆچکەیە (کەریم حەسەن عەلی) وتی"ئەوەندەی کە لە توانامدا هەبێت خۆم ماندوو کردووە و هیچ جیاوازییەکم نەکردووە لە نێوان ئەو دوو شارۆچکەیەدا" لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەو پرۆژە خزمەتگوزاریانە کرد کە لە ماوەی کەمتر لە دووساڵدا جێبەجێی کردوون وەك(ئاوەڕۆی هەڵەبجەی تازە و قیرتاوکردنی جادە سەرەکییەکانی شار و دروستکردنی شۆستە بۆیان، چاککردن و تێکەڵکردنی جادەی نێوان هەڵەبجەی تازە و تانجەرۆ، گۆڕینی پلەی شارەوانی لە دووەوە بۆ یەك) سەرەڕای چەندین خزمەتگوزاری تر.
ئەوەی جێگەی سەرنجە چەند ڕۆژێکە وەزیری شارەوانییەکان و بەرپرسەکانی (ی. ن. ك) لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پاشاگەردانیەدان کە لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی شارەوانی لە ناوچەکەدا ڕوویداوە و خەڵکی بە ئارەزووی خۆیان کەوتوونەتە داگیرکردنی زەوییەکانی ئەوناوچەیە هەروەها سوتاندنی یاریگایەك و شکاندنی بلاجکتۆرەکانی چواردەوری یاریگاکە، بەڵام تاکو ئێستا توانراوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.